له بەکافر دانانی یان تبدیع کردنی یان تفسیق کردنی ئینجا ئەگەر شروط و موانعی تەکفیری تیابوو وە ئیقامەو حوجەی لەگەڵ کرا لە لایەن ئەهلی عیلمەوە ئینجا ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر شیرکەکەی ئەهلی عیلم حوکمی کوفری بەسەر دا دەدەن، کەواتە پێویستە بزانین بە کافر دانان و موشریك کردنی خەڵك بە پەلەو بەبێ عیلم جائیز نیە و تاوانە، وە کارو کردەوەی خەواریجە تەکفیریەکانە وە ئێمەش بەرین لە گشت ئەو کەسانەی تووند ڕەوو تەکفیرین، بۆیە مەبەستی من لەم نوسینەدا تەنها ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لەم تاوانە گەورەیە، نەك بە کافر دانان و موشریك کردنی خەڵك بێت .

کۆتایی دێنم بەو دوعایەی پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك بە (أبوبکر)ی ووت ئەی أبوبکر دوعایەکت فێرنەکەم ئەگەر بیڵێیت خودای پەروەردگار لە گشت جۆرە شیرکێك دەت پارێزێت، زۆر بێت یان کەم بێت ؟ فەرمووی ئەی (أبوبکر) بڵێ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ) [٣] ، واتە: (خودایە خۆم دەپارێزم بە تۆ لەوەی کە شەریك بۆ تۆ دابنێم وە بزانم کە ئەوە شیرکە، وە داوای لێ خۆش بوونت لێ دەکەم لەم شیرکانەی بە هۆی نەزانینم دەیکەم و لێی بێ ئاگام).

تێبینی : هەر کەسێك ئەم نامیلکەیەی خوێندەوە واجبە لەسەری بیپارێزێت، نابێت بیدڕێنێت یان فڕەی بدات ، چونکە ئەم نامیلکەیە قورئان و فەرموودە و زانستی شەرعی تیایە .

وصلى الله عليه وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللهم تقبل منا إنك أنت السميع العليم

وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم

٧/ذو الحجة ١٤٣٣ هـ

٢٣ / ١٠ / ٢٠١٢ م

يوم الثلاثة – سۆران

[٣] انظر: صحيح ادب المفرد .





# شیرکە

## بەربڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا

قال تعالى :

(إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ )

واتە:(هەر کەسێك شەریك بۆ خودا دابنێت خودا چونە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە شوێن و حەوانەوەی ناو ئاگری دۆزەخە )

نوسینی

م. هەڵگورد مصطفی گەڵاڵی

لە بڵاوکراوەی ئەم سایتانە

www.regayislam.com

www.fermude.com

پەرتوکخانەی دێرین / سۆران

١٢. هەڵواسینی ناڵی کەر و ئێسك و قۆچی حەیوان بە خانوەکەتەوە یان سەیارەکەتەوە یان باخچەکەتەوە بە مەبەستی پاراستن لە چاو و زار .

١٣. چونە سەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان بۆ داواکردن لێیان بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی یان منداڵ بوون یان هەر شتێکی تر کە لە توانای غەیری خودای پەروەردگار دا نیە .

١٤. دەست هێنان بە کێل و قەفەزی گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان بۆ تەبەڕوك.

١٥. سوجدە بردن بۆ گۆڕی پیاوچاکان یان بۆ ئەو کەسەی کە زیندووە و بە شێخ مەشهوورە .

١٦. تەواف کردن بە دەوری غەیری کەعبەی ماڵی خودای پەروەردگار ، وەکو تەواف کردن بە دەوری گۆڕی پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێك یان هەر کەسێك و هەر شتێك.

١٧. کڕنوش بردن و خۆدانەواندن بۆ غەیری خودای پەروەردگار .

١٨. باوەڕ بوون بە سحرباز و جادووگەرو شوین هەڵگر .

١٩. دانە پاڵی باران بارین بۆ لای غەیری خودای پەروەردگار وەکو ئەستێرەکان یان پیاوچاکان .

٢٠. باوەڕ بوون بە هەڵفڕاندنی تەیر ، یان بیستنی دەنگی تەیر بە مەبەستی خێر و شەڕ ، بۆ نمونە هەندێك کەس هەیە دەڵێت ئەگەر کوندە بەبۆ بخوێنێت لە شوێنێك ئەوە ئەو شوێنە کاول دەبێت .

٢١. کردنی عیبادەتێك بۆ بینینی خەڵك کە پێی دەڵێن (الرياء) واتە ڕووبینی.

٢٢. کردنی عیبادەتێك بۆ بیستنی خەڵك کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (السمعة) واتە: ووتنی قسەیەکی باش یان زیکرێك بۆ ئەوەی خەڵك لێی ببیستێت تاوەکو پێی بڵێن بەڕاستی پیاوێکی بە تەقوایە .

٢٣. کردنی عیبادەتێك بۆ بە دەستهێنانی شتێك لە دونیادا.

٢٤. ڕشتنی ئاو لە دوای ئەو کەسەی دەچێت بۆ سەفەر بەمەبستی پاراستنی لە بەڵاو ناخۆشی.

٢٥. باوەڕ بوون بە غەیب زانینی پیاوچاکان .



شاردنەوەی ئەو زانستەی لێ دەستێنێتەوە، بۆیە منیش دەمەوێت ئەوەی خوێندوومەو فێربومە بە ئێوەی ڕا بگەینم.

*موسوڵمانی بەڕێز بزانە هیچ تاوانێك لە شرك گەورەتر نیە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، (عن عبدالله بْنِ مَسْعُودٍ قال: "سألت رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ، أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ ؟ قَالَ: "أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ ...) [٢] . واتە: (عبدالله ی کوری مسعود رضي الله عنه ووتی: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ ووتم: چ تاوانێك لە گشت تاوانەکان گەورەترە، لەوەڵام دا فەرمووی: شتێك لەگەڵ خودای پەروەردگار بکەیتە شەریك لەگەڵ ئەوەشدا تەنها خودای پەروەردگار تۆی دروست کردووە).

وە هەروەها موسوڵمانی بەڕێز بزانە هەر کەسێك پێش ئەوەی تەوبە بکات لەسەر (شرك) بمرێت ئەو کەسە هەرگیز خودای پەروەردگار لێی خۆش نابێت بە ئەبەدی لەناو دۆزەخ دا دەمێنێتەوە، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ، قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ النساء: ٤٨

واتە: (خودای پەروەردگار هەرگیز لەو کەسە خۆش نابێت کە شەریکی بۆ داناوە، بەڵام لە غەیری شرك خۆش دەبێت بۆ ئەو کەسەی بیەوێت) .

کەواتە موسوڵمانی بەڕێز بۆمان دەرکەوت بە بەڵگەی ئایەت و فەرموودە کە شرك لە گشت تاوانێك گەورەترە، وە خاوەنەکەشی ئەگەر لە دونیا تەوبە نەکات هەرگیز خودای پەروەردگار لێی خۆش نابێت جێگاکەی ناو ئاگرە بەبێ ڕزگار بوون لێی، جا کاتێك زانیمان شرك ئەوەندە ترسناکە پێویستە بزانین شیرك چی یە، چونکە هەرکەسێك نەزانێت شیرك چی یە بێ گومان زۆر بە ئاسانی شەیتان تووشی شیرکی دەکات ، بەڵام ئەگەر زانیمان شیرك چی یە بە پشتیوانی خودای پەروەردگار خۆمانی لێ دەپارێزین .

[٢] متفق عليه .

## پێشەكی

الحمدلله رب العالمين ، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

لە دوای سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە دروست کارو بەڕێوەبەری هەموو جیهانیانە، ئەو خودایەی کە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە و پێویستی بە شەریکایەتی نیە، ئەو خودایەی کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، ئەو خودایەی ئاسمان و زەوی ملکەچ کردووە بۆ بەندەکانی، ئەو خودایەی ڕزق و ئەقلی داوەتە بەندەکانی، ئەو خودایەی پێغەمبەرانی ناردووە بۆ بەندەکانی بۆ ئەوەی شوێنیان بکەون و سەرفرازی دونیا و قیامەت بە دەست بێنن، وە درودوو سەلام بڕژێت بەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە نێردراوە بۆ گشت خەڵکی بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە تاریکی بێ باوەڕی و ڕەوشت نزمی بۆ ڕووناکی ئیمان و ڕەوشت بەرزی، ئەو پێغەمبەرەی کە لەسەردەمی بوونی بە پێغەمبەرایەتی تا وەفات بوونی هانی خەڵکی داوە بۆ تەنها خودا پەرستی، وە نەهی خەڵکی کردووە لە دارو بەردوو بەرِۆ و شەخص و گۆڕ پەرستی، ئەو پێغەمبەرەی ﷺ هانی خەڵکی داوە بۆ شوێن کەوتنی، وە نەهی خەڵکی کردووە لە زێدەڕەوی کردن تیایدا و پەرستنی هەر وەکو دەفەرموێت : (لاَ تَطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ ، فَقُولُوا : عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ)[1] واتە: زیادەڕەوی لە من دا مەکەن، (واتە لە سنووری بەندایەتی مەمهێنە سنووری خودایەتی)، هەروەکو چۆن نەصرانیەکان زیادەڕەویان کرد لە عیسای کوڕی مریم دا، (کە لە سنوری بەندایەتیان هێنایە سنووری خودایەتی دەیان ووت: خودایە یان کوڕی خودایە)، من تەنها عەبدی خودام پێم بڵێن: عەبدو نێردراوی خودا .

موسوڵمانی بەڕێز دەمەوێت لەم نامیلکەیە دا باسی هەندێك لەو شیركانە بكەم كە لەناو موسوڵمانان بەربڵاون و لێی بێ ئاگان، بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگادارکردنەوەو ئامۆژگاری بۆ گشت موسوڵمانان، کە حەقێکی شەرعیە لەسەر هەموو کەسێك هەر شتێك بزانێت دەبێت غەیری خۆشی فێربکات، ئەگەر نا لە ڕۆژی دواییدا، خودای پەروەردگار تۆڵەی

---

[1] انظر: صحيح الجامع الصغير و زيادته .



٢٦. سوێند خواردن بە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو بڵێت بە پێغەمبەر ، یان بە گۆڕی شێخی ، یان بە سەری تۆ ، یان بە سەری من ، یان بەسەری کوڕم ، یان بەگۆڕی باوکم ، یان بە هەردروستکراوێك لە دروستکراوەکانی خودای پەروەردگار .

٢٧. گوێڕایەڵی کردنی کەسێك لە حەڵاڵ کردنی شتێکی حەرام ، یان لە حەرام کردنی شتێکی حەڵاڵ .

وە زۆر شتی تر هەن کە بەربڵاون لە ناو موسڵمانان بەڵام لە بەر درێژبوونەوەی بابەتەکە باسمان نەکردوون.

موسوڵمانی بەڕێز ئەم شتانەی باسم کردوون گشتیان عیبادەتن بۆ غەیری خودای پەروەردگار ئەنجام دەدرێن لە لایەن ئەو کەسانەی بێ ئاگان لە عەقیدەی پێغەمبەری خودا و ﷺ هاوەڵەکانی، جا هەر وەکو باسم کرد لە پێشەکیەکەدا عیبادەت ئەنجام دان بۆ غەیری خودای پەروەردگار شیرکە ، لە کۆتایدا خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە دەمەوێت باسی بکەم ئەویش ئەوەیە هیچ کەسێك بە هەڵە لە نوسراوەکەم نەگات و لێك دانەوەی خراپی بۆ نەکات و وانەزانێت بەلای من هەرکەسێك ئەم شیرکانەی تێدا بێت ئەوە موشریکە نەخێر بەلای من هەر کەسێك بەهۆی نەزانینی خۆیەوە ئەم شیرکانە بکات تاوان بارنیە و موسوڵمانە، بەڵام بە ئەندازەی هەوڵنەدانی بۆ فێربوونی عەقیدەی صحیح تاوان بارە، دووبارە دەیڵێمەوە هەر کەسێك بەهۆی نەزانینی ئەم شیرکانە بکات موشریك نیە چونکە لە شەریعەتی ئیسلام دا (الجهل) واتە نەزانین ڕێگرێکە لە ڕێگرەکانی بە کافر دانانی خەڵکی، بۆیە زانایانی ئەهلی سوننە دەفەرموون (ليس كل من جهل شيئاً يكفر) واتە: مەرج نییە هەر کەسێك شتێك نەزانێت کافر بکرێت ، وە دەفەرموون: (ليس كل من وقع في الكفر كَفَرَ وليس كل من وقع في البدعة بدع وليس كل من فعل الفسق فسق بل لابد من توفر الشروط وانتفاء الموانع) واتە: مەرج نیە هەر کەسێك بکەوێتە ناو کوفر کافر بێت ، یان بکەوێتە ناو بیدعە تەبدیع بکرێت ، یان تاوانێك بکات فاسق بکرێت ، نەخێر دەبێت گشت مەرجەکانی کوفر یان تبديع یان تفسيق ی تیابێت، وە هیچ ڕێگرێکیش نەبێت



پێناسەی شیرك: شیرك بریتیە لە بە هاوەڵدانانی کەسێك یان شتێك لەگەڵ خودای پەروەردگار لە پەرستندا یان لە دروست کردندا یان لە ناو و سیفەتەکانیدا .

زیاتر ڕوون کردنەوەی پێناسەکە:

مەبەست لە بە هاوەڵدانانی کەسێك یان شتێك لەگەڵ خودای پەروەردگار لە پەرستندا ، واتە: ئەنجامدانی عیبادەتێك لەو عیبادەتانەی کە تایبەتن بە خودای پەروەردگار بۆ غەیری خودا ، واتە دارێك یان بەردێك یان پەرِۆکێك یان جنۆکەیەك یان پیاوچاکێك یان فریشتەیەك یان پێغەمبەرێك بپەرستێت هەر وەکو چۆن خودای پەروەردگار دەپەرستێت، وە عیبادات زۆر جۆری هەیە وەکو سوجدە بردن، رکوع بردن، دوعاکردن، پەناگرتن، ترسان، پشت بەستن، تەوبە کردن و گەڕانەوە، تەواف کردن، وە زۆر جۆری تر، جا هەر کەسێك عیبادەتێك لەم عیبادەتانە بۆ غەیری خودای پەروەردگار ئەنجام بدات ئەوە شەریکی بۆ خودای پەروەردگار داناوە بۆ نمونە داواکردن دەبێت تەنها لەخودای پەروەردگار بکرێت لە هەموو کاتێك دا، بەڵام ئەگەر کەسێك داوای لە غەیری خودا کرد ئەوە ئەو کەسە شەریکی بۆ خودای پەروەردگار داناوە، چونکە عیبادەتێکی کرد بۆ غەیری خودای پەروەردگار کە دەبێت تەنها بۆ خودای پەروەردگار بکرێت بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە، قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾ الجن: ١٨ واتە: (مزگەوتەکان ماڵی خودای پەروەردگارن لەگەڵ خودا داوا لە هیچ کەسێك مەکەن).

وە مەبەست لە بە هاوەڵ دانانی کەسێك یان شتێك لەگەڵ خودای پەروەردگار لە دروست کردندا کە لە پێناسەکە دا هاتبوو، واتە کەسێك یان شتێك لەگەڵ خودا بکرێتە شەریك لە دروست کردن و بەڕێوەبردنی جیهاندا، بۆ نموونە کەسێك بڵێت: پیاو چاکێك لە پیاو چاکەکان باران دەبارێنێت، یان دونیای لەگەڵ خودا دروست کردووە.

وەمەبەست لە بەهاوەڵ دانانی کەسێك یان شتێك لەگەڵ خودای گەورە لەناوو سیفەتەکانیدا کە لەپێناسەکەدا هاتبوو، واتە بۆ نمونە کەسێك بڵێت پیاو چاکێك لە



پیاو چاکەکان غەیب دەزانێت، ئەمە شیرکە و جائیز نیە، چونکە غەیب زانین سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودای پەروەردگار هیچ کەسێك شەریکی خودا نیە لەم سیفەتەدا، وەهەروەها گشت سیفەتەکانی تری خودای گەورە، چونکە سیفەتەکانی خودای گەورە تەواو کاملن، وەسیفەتی دروست کراوەکانی ناتەواو و نوقستانن.

## شیرکە

## بەربڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا

١. داواکردن لە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو: بڵێت ، یا رسول الله شیفام بۆ بنێرە.

٢. هانا بردن بۆ غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو بڵێت ، یا رسول الله بە هانام وەرە.

٣. پەنا گرتن بە غەیری خودای پەروەردگار، وەکو بڵێت، یا شیخ عبدالقادر گەیلانی بم پارێزە.

٤. ترسان لە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو ترسان لە گۆڕی پیاوچاکان .

٥. حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو حەیوان سەربڕین لەسەر گۆڕی پیاوچاکان یان بۆ جنۆکەکان .

٦. نەزرکردن بۆ غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو حەیوانێك لەسەر خۆی نەزر بکات بۆ گۆڕی پیاوچاکێك هەر کاتێك کارەکەی بۆ جێ بەجێ بوو .

٧. خۆش ویستنی کەسێك بە ئەندازەی خۆشویستنی خودای پەروەردگار ، یان زیاتر لە ئەندازەی خۆش ویستنی لەخودای پەروەردگار .

٨. ووتنی : ئەگەر ویستی خودا و ویستی تۆی لەسەر بێت .

٩. ووتنی : لە سایەی تۆ و لە سایەی خودای پەروەردگار .

١٠. ووتنی : بەناوی خودا و پێغەمبەری خودا ﷺ .

١١. هەڵواسینی نوشتە و پەڕۆی سەوز و دار تاوك بە خۆتەوە یان منداڵەکانتەوە یان سەیارەکەتەوە ، بە مەبەستی پاراستن لە چاو و زار .